# وانەیەك بۆ (زمانگرتن)!!

ئاری عوسمان خەیات
arikhyat@yahoo.com

لە هەموو دنیادا ئەوەی لای خۆمان بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن ناودەبرێ باشترین بایەخ و گرنگی تایبەتی پێدەدرێ، چونکە دواجار ئەوە سیستمی پەروەردەو فێرکردنی هەر وڵاتێکە چارەنووسی نەوەکان دیاری دەکات..
هەڵبەت ژینگە و بارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی، سیاسی.. هەر وڵاتێکیش ڕەنگدانەوەی خۆی دەبێت، بەسەر دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی ئەو سیستمەوە، بۆیە ئەبێ لەوە دڵنیابین، کە ئەو سیستمەی فێرکردن و پەروەردەیە لە وڵاتێکی (بۆ نمونە) ئەورووپیدا پێڕەوی لێدەکرێ، تەواو جیاوازە لەگەڵ کەلتور و فەرهەنگی کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵام کاتێك ئێمە قسان لەوەها مەسەلەیەك دەکەین، گرفتمان وەنییە، کە ئاخۆ بچین کام سیستمی پەروەردەیە بهێنینە وڵاتی خۆمان و کاری لەسەر بکەین، بەڵکو گرفتی ئێمە لەوەدایە، کە تا هەنووکە نەمانتوانیوە وەك پێویست دەست بخەینە سەر ئەو خاڵانەی کە ناچارمان دەکەن، هەنگاو بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردە و فێرکردن بنێن، ئەم حاڵەتەش لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ ئەو بارەی کە ئەمڕۆ دەسەڵاتی کوردستانی ژێر کەوتووە، باری گەندەڵی، ئەوەی کە هەموو لایەك قسانی لەسەر دەکەن و کەسیش نازانێ بۆ کێی دەکاتن و کێ گوێی بۆ ڕادەگرێ؟!..
ئەو کۆنفرانسە پەروەردەییەی کە (دەبەسترێ و نابەسترێ!!) دەبێ بە ڕاستی بۆ چارەکردنی گرفتی سیستمی خوێندن سازبدرێت، نەك ببێتە مایەی (جەو گۆڕین)ێك بۆ هەندێك مامۆستا و سەرپەرشتیار، چونکە ئەگەر لە دوای ئەو کۆنفرانسەوە هەندێك ئەنجامگیری بەرچاو و جوانمان دەست نەکەوێت، بە ڕاستی دەبێتە مایەی (نوکتە) و (گاڵتە) بەخۆکردن، هەرچەن منیش و گشتیشمانین ئەوە باش دەزانین، کە چاوەڕێ نین کۆنفرانسەکە موعجیزە بخوڵقێنێت و سەرلەبەری کێشە و گرفت و خواست و داواکان لە تروکە چاوێکا جێبەجێ بکات..!!
- هەقم بەسەر کۆنفرانسەوە نییە، بەڵام لێرەوە پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە. پێشنیارێك لەو ڕوانگەیەوەیە، کە وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، سیستمی پەروەردە بەشی هەرە زۆری لە ئەرك و مەهامی پێگەیاندن و دروستکردنی تاکەکانی کۆمەڵ و ئەنجایش نەوەکانی لە ئەستۆدایە، جا وەك دەبینین تاکی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە و بە جۆرێك لە جۆرەکانیش زۆرینەی ئەم نەوەیەمان، سەرەڕای بوونی ئازادیی ڕادەربڕین، کەچی بێدەنگن..!! ئەدی ئێمە چ بکەین باشە؟
- با وەزارەتی پەروەردە (دوای تاوتوێکردن و لێکدانەوە، ئەگەر هەیانبێ!!) بیر لەوە بکاتەوە، کە وانەیەکی تایبەت بە (گفتوگۆکردن- قسەکردن- ئاخاوتن- وتوێژکردن..) هەرچی ناوێکی لێبنرێ، لە پرۆگرامی خوێندندا (کە بەشێکە لە سیستمی پەروەردە) دابنێت و پێش ئەوەیش هەڵسێت بە پێگەیاندنی مامۆستای کارامە و خاوەن سەلیقە و لێهاتوو لەو بوارەدا، بۆ ئەوەی چیتر خوێندنگاکانمان ببنە شوێنی (زمانپێگرتن) بە منالّ و گەنجەکانمان، ئەگینا ساڵ بە عەیام، لە پرێکا نەوەیەکی بێزمان و نەدوومان لێدروست دەبێت!!
- ئامان سەد ئامان.. ئەوە ئۆباڵی بە گەردنتان، وا جارێکی تر بیرتان دەخەمەوە، ئەگەر (خوانەکردە) بیرتان کردەوە هەنگاوێکی لەوجۆرە بنێن و بڕیاری دانانی وانەی (دیالۆگ)تان دا، نەکەن بچن مامۆستا (قسە نەزان) و (تووتی)یە عاجباتییەکان بکەنە پسپۆری ئەو بوارە و ئەرکی دانانی پرۆگرامەکەی پێبسپێرن، یان بچن بیانهێنن تا لە پۆلە جوانەکانی ناوەندە (دلگیر)ەکانی خوێندندا، خوێندکاران فێری چۆنێتی قسەکردن و گفتوگۆکردن بکەن!! چونکە (تووتی)، (تووتی) دروست دەکات، ئینجا ئەوکاتە قسەنەکردن زۆر پیاوانەترە، تا تووتیبوون..!!
- زۆربەی خوێندکاران کوشتەی ئەوەن چوار دێڕ بنووسن، مانایەکی هەبێت، کوشتەی ئەوەن ئەگەر ڕووبەڕووی کامێرای تەلەفزیۆنێك، ڕیکۆردەری ڕۆژنامەنووسێکی فەل، یان پرسیاری کەسێکی زۆر وێژ بوونەوە، بتوانن وەڵامێکی (ناڵێم قەناعەتپێهێن) باشیان لابێت، کەچی وەك ئەوەی خوێندکاری (نەموتووە زانکۆ یان پەیمانگا) ئامادەیی نەبن، کەمیان نەبن، هەرە زۆرەکەیان نقەقەیان لێوەنایە، بگرە شەرمێکی کوشندەش دەیانگرێ!! ئەدی خەتای کێیە؟
- من دڵنیام هی وەزارەتی پەروەردییە.. دەزانمیش زۆربەمان واقوڕماوی قسە و گومانێکین، کە ئەویش ئەمەیە: (وەزارەت هەر ئەوەندەی لە دەست دێ!) بەڵام خەڵك، خوێندکار، مامۆستا، حەماڵ، لەگام.. چوزانم کێ و کێ.. ئەمە نازانن، بەڵکو دەزانن، دەزگایەك هەیە، ناوی وەزارەتی پەروەردەیە و دەبێ ئەرکی (وەزارەتی پەروەدە) ڕایی بکات.